## ڕێباز حەملان لەبارەی دەستلەکارکێشانەوەی لە پۆستی بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق پەیامێکی بڵاوکردەوە



ڕێباز حەملان لەو پەیامەکدا ڕایگەیاند، دوای دەستبەکاربونی وەك بریکاری وەزیری دارایی لەسەر ماف و شایستە داراییەکانی هەرێم، دیدارو کۆبونەوەی لەگەڵ بەشێکی زۆر لە بەرپرسانی بەغدا کردووە، "ڕاستییەکانم باس کرد کە حکومەتی هەرێم پابەند بوە بەو داواکاریانەی لێی کراوە و هەموی جێبەجێ کردوە، بەڵام وەزیری دارایی نیگەران بوە و بەیاننامەی لەسەر دەرکردوە"، دەشڵێت، "لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران لەبەردەم هەمو ئامادەبوان کە 24 بەڕێوەبەری گشتی ئامادەبون دەمەقاڵێی و گرژیی دروستبو، بەهۆی سەرسەختانە مرافەعەم لەسەر مافەکانی هەرێمی کوردستان کرد".

ڕێباز حەملان ئەمڕۆ دوشەممە لە پەیامەکدا لەبارەی دەستلەکارکێشانەوەی لە پۆستی بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، ڕایگەیاند، "لە ژیانی سیاسی خۆمدا بۆ جاری دوەم لەسەر مافی میللەتەکەم بڕیاری چارەنوسسازم داوە، لە بەغدا کەرامەت و مەبدەئی کوردایەتی و کوردستانی بونم خستە پێش بەرژەوەندی شەخسی خۆم، بەکردەیی نوێنەرایەتی کورد و هەرێمم کرد، بە باوەڕێکی کوردانە". ئاماژەی بەوەشکردوە، "بەتایبەت کە متمانەی مەسعود بارزانی وەردەگریت دەبێت وەک هەڵۆ بەرامبەر نەیاران بوەستیت، لەبەردەم دەستکەوتی ماددی و بەرژەوەندی تایبەت نابێت چۆک دابدەیت، لە ساڵی 2017

